# قاوەی ساردی کاکی نووسەر

دەمەوێ دان بە شتێکدا بنێم !

من چەند ساڵ لەمەوپێش ، شێتانە عاشق بووم ، ئەو کاتەی کە تەنیا دە ساڵان بووم ، عاشقی کچێکی لاواز و باڵابەرز بووم کە چاویلکەیەکی قورسی لە چاو بوو ، پازدە ساڵ لە من بە تەمەنتر بوو ، ئەو هەموو رۆژێک دەهات بۆ ماڵی پیرەژنێکی دراوسێمان کە فێری پیانو بێت .

زەنگی دەرگای ماڵی پیرەژنەکە تێکچبوو ، بە جۆرێک کە خۆشەویستی سەردەمی منداڵی من ناچار بوو کە زەنگی ماڵی ئێمە لێبدات ، منیش هەموو رۆژێک بە جلی ئوتوکراو دەچوومە بەر دەرگا تاکوو دەرگای بۆ بکەمەوە ، ئەویش دەیگوت : سپاس ئازیزم ، بێ دین ! چەندە خۆش وشەی ئازیزم لە زمانی دەهاتە دەر .

پیرەژنی دراوسێ چەند مانگێک بوو کە ئاهەنگی زەریای قووی چایکوڤسکی دەوتەوە و بە خۆشییەوە ئەویش هێندە کەم توانا بوو کە نەیدەتوانی فێری وانەکە بێت ، هەرچەندە کە ڕاهێنانی بەردەوام بە سەر بێ تواناییەکەیدا زاڵ دەبوو ، بە جۆرێک کە وردە وردە فێری وانەکە دەبوو .

بەڵام لەم لای ماڵی پیرەژنەکەوە باروودۆخی من باس نەدەکرا ، چون دڵنیا بووم کە پیرەژنی دراوسێ تەنیا ئەم ئاهەنگە دەتوانێت بڵێتەوە و پاش ئەوە ، ئازیزم وتنەکان و دەنگی زەنگەکان نامێنێت .

هەر لەبەر ئەوە هەموو توانایی خۆمم بەکار هێنا کە رۆژێک بە ئەوپەڕی بزێوی خۆمەوە و بە نهێنی چەند لاپەڕە لە نوتی ئاهەنگەکەم دزی و لاپەڕەکانیم جێبەجێ کرد و لە سەرەتاوە نووسیمەوە و خستمەوە سەر جێگای خۆی .

لەو کاتەدا دەنگێک لە گوێمدا دەزرینگایەوە ، پێم وابێت رۆحی چایکۆڤسکی بوو .

رۆژەکانی دواتر کچەکە دیسان هاتەوە و دەستی کردەوە بە پرۆڤەی زەریای قوو ، گومانم لەوەدا نییە کە هەموو قووەکانی زەریاکە تێکچبوون ، پیرەژنەکە دەیناڵاند ، رۆحی چایکوڤسکیش لە گۆڕدا دەلەرزییەوە .

تەنیا کەسێک کە لەم نێوەدا چێژی دەبرد من بووم ، چون دڵنیا بووم کە پیرەژنەکە هۆش و هەواسێ وەهای نەماوە کە بزانێت نوتەکان تێکدراون .

هەموو شتێ بە دڵی من بوو ، هەموو رۆژێ دەنگی زەنگ ، هەموو رۆژێ " سپاس ئازیزم " و هەموو رۆژێ دەنگی پیانۆ خراپتر دەبوو لە دوێنێ .

پیرەژنەکە مرد ، وابزانم دێقی کرد ، پاش ئەوە کچەکەم نەبینییەوە ، تاکوو بیست ساڵی دوایی کە ئەم کچە لە شارەکەی ئێمەدا کونسێرتی تاکژەنی پیانۆی دانابوو .

چەپکێک گوڵم هەڵگرت و چوم بۆ کونسێرت ، چیدی لاواز و چاویکلەیی نەبوو ، هەموو ئاهەنگەکانی بە ئەوپەڕی تواناییەوە لێدەدا ، تاکوو گەشت بە ئاهەنگی کۆتایی و بۆم دەرکەوت کە هەمان نوتە ساختەکانی منی داناوە و ئەم جارە جگە لە رۆحی چایکۆڤسکی و پیرەژنەکە ، منیش دەلەرزیم ، ئاهەنگی زەریای قووی بە شێوازێکی گاڵتەئامێز و بە نوتە ساختەکانی منەوە لێدا ، کاتێ کە تەواو بوو هەموو دانیشتوان چەپڵەیان لێدەدا .

هەموو دانیشتوان بۆ ماوەی دە دەقە بە پێوە چەپڵەیان لێدەدا ، ئەویش لە سەر جێگای هەستایەوە و کڕنووشی برد بۆیان و ئاماژەی بە ناوی ئاهەنگەکە کرد ، بەڵام ناوی زەریای قوو نەبوو ، بەڵکوو ناوی گۆڕابوو بۆ " کاتێ کە مێردمنداڵێک عاشق دەبێت " .

چیدی هەموو شتێک بە ڕوونی لە لام دیار بوو ، نوتە ساختەکانی من ناوبانگیان دەرکردبوو ، لە کاتێکدا هیچ کەس نەیدەزانی ئەو مێردمنداڵە منم . ئەگەر بمەوێ ڕاشکاوانە قسە بکەم دەبێ بڵێم کە بەخێڵی بە منداڵی و بوێری ئەو کاتەم دەبەم لەبەر ئەوەی کە هیچ کات لە ژیانما هێندە بوێر نەبووم . بە بیستنی ئەو ئاهەنگە و ئەو کچە ، ئەو هەستەی منداڵیم دیسان زیندوو بوویەوە . ناوی یەڵدا بوو ، هیچکات لە یادی ناکەم ئەو رۆژەی کە ناوی پرسیم و دڵم تاوایەوە و وتم :" ئارمان " ئەویش بە بزەیەکەوە وتی : " چ ناوێکی جوانت هەیە ، منیش ناوم یەڵدایە " .

یەلدا کاریگەرییەکی پەنهانی لە سەر ژیانی من دانابوو ، لەبەر ئەو بوو کە من بە چایکوڤسکی و موسیقا ئاشنا بووم . بە بێ گومان موسیقا یەکێک لە کاریگەرترین و گرینگترین هونەرەکانە . کاتێ کە موسیقا دەچێتە نێو رۆح و گیانتەوە ، دەتوانی بچیتە نێو پانتاییەکی نوێی دۆزینەوەی جوانییەکانی دونیای هونەر و لە پڕ بۆت دەرکەوێت کە هەموو شتێک لە سرووشتدا موسیقا و ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە ، تەنانەت چیرۆکیش . بۆ نموونە من کاتێ کە دەست دەدەمە نووسین ، بۆ ماوەیەک گوێ دەگرم لە موسیقایەک کە هاوتەریبی ئەو شتەیە کە دەینووسم . لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بوویێت کە کتێبی یەکەمم " چارەنووسی تاڵ " لە ڕوانگەی ڕەوانبوونی وتە و ستایلی نووسینەوە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە پێشوازی لێکرا . کاتێ هاتمەوە سەر خۆم هەموو دانیشتوان چەپڵەیان لێدەدا و بۆم دەرکەوت کە چیرۆکی ئەم ئاهەنگە هێندە ناوبانگی

دەرکردووە کە هەموو کەس دەیناسن ، پێم خۆش بوو کە هەستمەوە و هاوار بکەم کە ئەو مێردمنداڵە منم ، من بووم کە ئەو ئاهەنگەم داڕشت ، بەڵام لەوە ترسام کە بڵێن شێت بووە .

ئاگام لە خۆم نەبوو کە کتوپڕ چەپکە گوڵەکەم هەڵگرت و لەگەڵ کەسانی دیکەدا کە دەیانویست گوڵی پێشکەش بکەن کەوتمە ڕێ ، خەڵک بە سەیرەوە چاویان لێدەکردم ، بەڵام من بە بێ گوێدان بە نیگای قورسی ئەوان بەردەوام بووم لە ڕۆشتن ، ئەوانی دی یەکە یەکە دەچوونە پێش و چەپکە گوڵە بچووک و گەورەکانیان پێشکەش بە یەڵدا دەکرد و ئەویش بە میهرەبانییەوە سوپاسگوزاری دەکرد ، تاکوو نۆبەی من گەشت ، یەڵدا بە ئەوپەڕی لێبووردەییەوە چەمایەوە تاکوو چەپکە گوڵەکەم لێوەرگرێت ، سوێند دەخۆم تا ئەو ساتە زۆر ئاسایی بووم ، بەڵام کاتێ ویستی گوڵەکەم لێوەرگرێت ، وتم : " سپاس ئازیزم ! " .

تێکەڵبوونی ئودکولونێکی ئارام و بزەی جوانی لەگەڵ " سپاس ئازیزم " بووە هۆی ئەوەی کە هەست بکەم هێشتاکوو هەر مێردمنداڵێکم ، هەر ئەو مێردمنداڵەی کە حەسرەتی دەخوارد کە بۆچی زووتر نەهاتۆتە دونیا و هیوای ئەوە بوو کە زووتر گەشە بکات ، هەر ئەو مێردمنداڵەی کە بۆ چەند کاتژمێر بەردەوام لە لای دەلاقەوە چاوەڕوانی ئەو کەسەی بوو کە خۆشی دەویست ، یەڵدا ئێستا چل ساڵێک دەبوو ، بەڵام جوانتر لە جاران بوو ، چاوە قاوەییەکانی پیاوی ڕادەکیشا و چینە وردەکانی دەوری چاوی هیچێک لە جوانییەکەی کەم نەکردبوویەوە . ئەو قورساییەی کە لە ڕوانین و هەڵسووکەوتیدا بوو ، ئاماژەی بەوە دەکرد کە چەندە تەمەنی هەڵکشاوە ، لەبیرمە کاتێ کە منداڵ بووم بەخێڵیم بەو کەسە دەبرد کە ئەوی خۆش بوێت و من ئەوە باش دەزانم کاتێ کە مرۆڤەکان گەورە دەبن ئەگەر پێشتر کەسێکیان خۆش ویستبێ ، ئەو خۆشەویستییە زۆر پڕبەها دەبێت ، لێرەدا مەبەستم لە گەورە بوون لە ڕووی تەمەنەوە نییە ، ئەوە تێگەشتنە کە مرۆڤەکان گەورە دەکات ، بۆ نموونە کەسێک کە تەنیا دەکەوێت و فکر دەکاتەوە ، ئەوە گەورەیە یان کەسێک کە سەفەر دەکات و لە هەر شوێنێک شتێک فێر دەبێت ، ئەویش گەورەیە یان کەسێک کە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤە جۆراوجۆرەکان هەیە و هەوڵ دەدات کە لە هەموویان تێبگات ، ئەویش هەر گەورەیە ، هەر لەبەر ئەوەش لەو بڕوایەدام کەسانێک کە کتێب زۆر دەخوێننەوە ، دەتوانن مرۆڤگەلێکی گەورە بن ، چون ئەوان تەنیا دەمێنن و لەگەڵ چیرۆکەکان سەفەر دەکەن و شتی هەمە ڕەنگ فێر دەبن و هەوڵ دەدەن کە لە هەموو کەس تێبگەن ، بە بڕوای من ئەو ژن و پیاوانەی کە کتێب دەخوێننەوە ، ڕۆحێکی مەزنیان هەیە و خۆشەویستی و پابەندبوون بۆ ئەوان زۆر پڕ بەهایە .

چاوم بڕیبووە چاوی ، ڕێک وەکوو ئەو ڕۆژانەی کە دەرگام بۆ دەکردەوە و ئەویش پاش ئەوەی کە سپاسی منی دەکرد بە جوانییەکی تایبەتەوە لە قادرمەکانەوە دەچووە سەرەوە ، لەبیرمە کە هەمووکات تاکوو سەرەتای قادرمەکان لەگەڵی دەچووم و چێژم لە بینینی وەردەگرت .

تووشی شۆک بووم ، لەبیرم کردبوو کە دەبێ چەپکە گوڵەکەی پێبدەم ، توند چەپکە گوڵەکەم لە دەستم گرتبوو ، هەرچێ یەڵدا چەپکە گوڵەکەی رادەکێشا ، من بەرم نەئەدا ، وێنەیەکی سەیر لەم کاتەدا درووست بوو ، بە سەرسوڕمانەوە وتی : ئێوە باشن .

سوور هەڵگەڕابووم و وتم : بەڵێ باشم ، موسیقای کۆتایی زۆر تایبەت بوو .

بزەیەکی کرد و بێدەنگ بوو ، بەڵام من کە دەمویست بڵێم کە ئێستا بووم بە نووسەرێک ، وتم : عاشق بوون وەکوو گوێگرتن لە دەنگی پیانۆ لە کافەیەکی قەرەباڵغە ، ئەگەر بتەوێ گوێ لەو دەنگە خۆشە بگری دەبێ دەنگەکانی دیکە لەبیر بکەیت ، واتە دەنگی پێکەنین ، گریان و دەنگی پیاڵەکان ... تۆ بۆ من ئەو دەنگە خۆشە بووی کە من لەبەر ئەو دەنگە هیچ دەنگێکی دیکەم نەبیست .

بە بێ ئەوەی کە شتێک بڵێت ، بزەیەکی کرد و چووە لای پیانۆکە ، منیش بە سەرسوڕمانەوە گەڕامەوە شوێنی خۆم ، هێشتاکوو چاوەکانم بێ جووڵە بوون و لە خۆشی دیتنی ئۆقرەم نەبوو ، یەڵدا مایکەکەی گرت و وتی : ئەمشەو میوانێکی ئازیز لێرەیە ، ئەو مێردمنداڵە ئێستا بۆ خۆی بووە بە پیاوێک و لێرەدا داوا دەکەم لە دوکتور ئارمان روزبە کە بێتە ئێرە .

پێم سەیر بوو ، خۆ من دوکتور نەبووم ، ویستم هەستم بەڵام بینیم کە کەسێکی دیکە لە پێشەوە هەستایەوە و چووە سەرەوە ، ئبی بوو ، هاورێی ساڵی یەکەمی زانکۆم بوو ، کوڕێکی باش بوو بەڵام هیچ کەس لەگەڵیدا پەیوەندی نەدەگرت ، تەنیا کەسێک کە پەیوەندی باشی لەگەڵی هەبوو ، من بووم ، ئبی پاش پێکدادانێکی ناخۆش کە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو بنەماڵەکەی لە دەست بدات ، بێدەنگ و گۆشەگیر ببوو ، من بانگم دەکرد ئبیست ، تێکەڵێ لە چەند نەخۆشی لە سادیسم ، شیزوفرنی بگرە تاکوو قەیرانی شوناس و خراپتر لە هەموو کە کەسایەتییکی سست بوو ، هەر چرکە ئەگەری ئەوەی هەبوو کە بڕیارێکی نوێ بدات و بە خێراییش پەشیمان بێتەوە ، چەند جار ویستی ببێتە ئەکتەری شانۆ بەڵام هەر جار و بە بیانوویەک پەشیمان دەبوویەوە ، جارێکیش لە خولی کیک بوکسینگ ناوی تۆمار کرد و تەنانەت جلی تایبەت بە کیک بوکسینگیشی کڕیبوو ، بەڵام دیسان بۆچوونی گۆڕا . من و ئیبی هەردووکمان ئەندازیاری پیشەسازیمان دەخوێند بەڵام ئەو ساڵی دووەمی زانکۆ بڕیاری دا کە خوێندنەکەی بگۆڕێت بۆ موسیقا ، پاش ئەوە ئێمە یەکترمان نەبینییەوە .

لەبیرمە کە چەند رۆژێک خراپ عاشق ببوو ، لەو عەشقانەی کە بە دڵنیاییەوە بەرەو شکست دەرۆشت ، کچە دەوڵەمەندێک بوو کە کەسی بە بەشەر دانەدەنا ، بەڵام ئیبی کە خەیاڵی گەورە لە مێشکیدا بوو ، چووە پێشەوە و بەو جۆرە کە پێشبینیم دەکرد ئەو پێشنیارە زۆر تێکی دا ، ئەو شەوە من تا بەیانی قسەم لەگەڵی کرد تاکوو باشتر بێت و بۆ ئەوەی کە حاڵی باشتر کەمەوە ، قۆڕترین کاری ژیانم کرد و باسم کرد بۆی کە من کاتێ کە دە ساڵان بووم عاشقی کچێ بە ناوی

**یەڵدا بووم و بە وردی هەموو بەسەرهاتم بۆ باس کرد و ئیبی بە حەزەوە داوای دەکرد کە وردەکاری زۆرتری بۆ باس بکەم .**

**تازە زانیبووم کە بۆچی ئیبی لە پڕ خوێندنی زانکۆی گۆڕی و چووە بەشی موسیقا ، بە دڵنیاییەوە کە ئیبی لە ناوبانگی چیرۆکی ئەو ئاهەنگە ئاگادار بووە و بە هەڵگرتنی ناو و نازناو و بیرەوەری من بۆ خۆی ، خۆی بە کەسێک ناساندووە کە لە منداڵییەوە نوخبەیەکی موسیقا بووە .**

**تا هەنووکە شتی زۆریان لە من دزیوە ، بڕێک جار بۆچوونەکانمیان بە شێوازێکی زۆر پیشەیی دزیوە و جاروباریش بە شێوازێکی زۆر ناشرین هەموو نووسراوە و چیرۆکەکانمیان دزیوە و بە بێ دەستێوەردان بە ناوی خۆیانەوە بڵاویان کردۆتەوە ، بەڵام ئەمەم بۆ قبووڵ نەدەکرا ، ئیبی منداڵی من و خۆشترین بیرەوەریمی دزیبوو ، مامم هەمووکات دەیوت کە هیچکات نابێ سەبارەت بە شتێک کە زۆر خۆشت دەوێت لە لای کەس قسە بکەیت ، بە هۆی ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە ئەو شتەت لێ دەدزن ، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لەگەڵ خوداش ناکرێ سەبارەت بەو شتەی کە خۆشت دەوێت قسە بکەیت ، دەبێ بلێم کە ئێمە هاتووینەتە دونیا کە ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێت لە دەستی بدەین .**

**ئیبی لە سەرەوە بوو و بە ئەوپەڕی بێ شەرمییەوە سەبارەت بە توانایی خۆی و شێوازی نووسینی نوتەکان قسەی دەکرد ، دووڕوویی و فێڵبازییەکەی منی تێکدابوو ، چیدی خۆم بۆ نەدەگیرا ، لە پڕ تێکچووم و هەستامەوە و بە تووڕەییەوە هاوارم کرد : ئەی ساختەچی ! ئەحمەق ، تۆ نەخۆشی ! .**

**بەو هاوارەوە سەرنجی هەموو دانیشتوان هاتە سەرم ، هەموو بە سەرسوڕمانەوە تماشایان دەکردم و بە چپەوە قسەیان دەکرد ، بەڵام ڕوانینی ئەوان نەک تەنیا بەربەست نەبوو بۆ من بەڵکوو بووە هۆی ئەوە کە بوێری من فراوانتر بێت ، دەنگم بەرزتر کردەوە و گوتم :**

**" تۆ ئیبستی ، تۆ شەرانییەکی فێڵبازی ! تۆ ئەو مێردمنداڵە نیت ، خۆیشت باش دەزانی کە ئەو نوتگەلە من نووسیومە " .**

**ویستم کە بڕۆمە لای و هەڵمەتی بۆ بەرم ، بەڵام لە پڕ بەرپرسانی هۆڵەکە هاتن و دەمیان گرتم و خستمیانەوە دەرەوە . من کە یەکسەر تێکچبووم لە دەرگاکەم دەدا و دەموت بیکەنەوە ، ئەوە درۆزنە ، ئارمان روزبە منم .**

**دەرگاکە کرایەوە یەکێک لە پاسەوانەکان هاتە دەرەوە و مشتێکی کێشا بە دەمما و کەوتمە سەر زەوی و جلەکانم هەموو پیس بوون . دونیا لە دەوری سەرمدا دەسووڕایەوە و ئەو لێدانە منی هێنایەوە سەرخۆ ، بە جۆرێک کە بۆم دەرکەوت کە بە هات و هاوار ئەنجامێکم نابێت . دەستم دا لە لێوم و زانیم کە خوێنی لێدێت ، بە دەسماڵێک کە لە گیرافانم بوو خوێنەکەم پاک کردەوە و بە دژواری هەستامەوە و جلەکانم تەکاند و بە بێ ئەوەی کە چاو لە دەورووبەرم بکەم**

شاڵگەردنەکەم سفت کردەوە و هەوڵم دا کە دوور کەومەوە . هەوا سارد بوو و بارانی زستانی دەباری ، نەمدەزانی کە بۆ کوێ بڕۆم و دەبێ چی بکەم ، ئەو هەست بە لاوازی و داماوییە کە لەو کاتەدا دەمکرد ، هیچکات لە بیرم ناچێتەوە .

لێزمە بوو کە  خۆم گەیاندە رۆژنامە فرۆشییەک و لە ژێر سەقفەکەیدا ڕاوەستام ، جگە لە من دوو کەسی دیکە لەوێ بوون و جگەرەیان دەکێشا ، لە دڵمدا وتم خۆزگە جگەرەکێش دەبووم ، بە بڕوای من سیگار هێندەش خراپ نییە ، ڕاستە نەخۆشی زۆری لێدەکەوێتەوە ، بەڵام دوژمنێکی خۆشەویستە . لانیکەم لە وەڵامی ئەو هەناسەیەی کە دەیکێشی ناڵێت :  کێشەکە چارەسەر دەبێت یان وەڵڵاهی نازانم  ، بەڵکوو ئەویش بە تۆوە دەسووتێت ، تەنیا هۆکارێک کە نەبووم بە جگەرەکێش ، باوکم بوو ، دایکم هەمووکات دەیوت کە باوکی ڕەحمەتیت جگەرەکێش نەبووە  و حەزی لێنەبوو کە تۆش ببیە جگەرەکێش .

لە شوێنی هونەری و رۆشنبیری کە دەیانزانی من جگەرەکێش نیم ، پێیان سەیر بوو و دەیانگوت : " چۆن دەبێ نووسەرێک جگەرەکێش نەبێت ؟ " منیش لە وەڵامدا دەمگوت : " بە بێ جگەرەش دەکرێ بیر بکەیتەوە  و بشنووسیت " .

بە بێ تاقەتییەوە چاوم لە رۆژنامەکان کرد و کەوتمە بیری مانشێتێکەوە کە خۆم کاتێ کە سەرنووسەری رۆژنامەی ئەتڵەس بووم ، نووسیم : خاوەنی ئەم وێنە دەناسن ؟ ، ئەمە دوایین مانشێتێک بوو کە من بۆ ئەو رۆژنامەیەم نووسی و پێم وابێت لە ژێر کاریگەری قسەی بەڕێوەبەری رۆژنامە بووم کە رۆژێک وتی : هەتیوە خوێڕییانە ، هیچ فرۆشمان نییە خەریکە مایە پووچ دەبین ! .

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو بیر لە فکری نوێ بکەنەوە و منیش بڕیارم دا کە چیرۆکێکی راستەقینە بنووسم و چیرۆکی رۆژێکم نووسی کە زەنگی دەرگا لێدرا و پوستەچی نامەیەکی بە هەڵە دا بە من و کاتێ کە پاکەت نامەکەم کردەوە لەگەڵ چەن دانە وێنەی کۆنی کچێک و نامەیەک بە خەتێکی ناخۆش ڕووبەڕوو بوومەوە کە تێیدا هاتبوو :

" رێحان گیان سڵاو

حاڵت چۆنە ؟ سی ساڵ تێپەڕ بوو کە تۆ گوندت بە جێ هێشتووە و لەوانەیە منت هەر لە بیر نەمابێت و ئەگەریش منت لە بیر بێت ، حەتمەن بیر لەوە دەکەیتەوە کە منی نەخوێندەوار چۆن ئەم نامەیەم نووسیوە ، لە ڕاستیدا ماوەیەکە دەچمە خوێندن ، تۆ لە کوێی ؟ دوایین جارێک کە نامەت نووسی بۆ من ، بە ئەم ئادرەسە بوو کە داوات لێکردم  فەرامۆشت بکەم .

ڕیحان گیان وتت کە چوویتە پێتەخت بۆ خوێندن ، بەڵام بی بی وتی کە بە شوو دراوی ، ژنیشیان بۆ من هێنا بەڵام ڕەحمەتی منداڵی نەدەبوو یان کێشە لە منەوە بوو ، خوا دەزانێت ،

**بەڵام پێکەوە سازاین ، ئەویش لە خۆشەویستی من و تۆ بە ئاگا بوو ، چەند ساڵ لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد .**

**رێحان هیچ کەس جێگاتی نەگرتەوە ، دوێکە چوومە لای دوکتور ، وتی کە لە سەرتدا تومور هەیە ، نازانم چەنێکی دیکە زیندووم بەڵام تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە جارێکی دیکە بتبینم ، سی ساڵە کە چاوەڕێتم ، قوربانی تۆ ، ناسر .**

**ئەم نامە لەگەڵ وێنەکانی لە رۆژنامەدا چاپ کرا کە بووە هۆی هەرایەکی زۆر ، هەموو تەلەفونیان کرد ، تەنانەت دوکتورەکانی مێشک و دەمار ، هەر کەسێک ئەیەویست بە جۆرێک یارمەتی بدات ، پاش ئەوەی کە کۆڵێ فرۆشمان کرد ، بەڕێوەبەری رۆژنامەکە منی کێشایە لاییکەوە و وتی : هەتیو هەواڵەکەت دونیای گرتووە ، ئیسە ئەم ناسرە چۆن بدۆزینەوە ؟ وتم ناسرێک بوونی نییە ، ئەو نامە خۆم نووسیومە و وێنەکانیش ساختە بوون ، مەگەر نەتویست فرۆش زۆرتر بکەی ؟ فەرموو ، خەڵک عاشقی چیرۆکی ڕاستەقینەن . بەڕێوەبەر پێی سەیر بوو و وتی : بەڵام رێحان دۆزراوەتۆ .**

**باوەڕ ناکەم ، چون چیرۆکی ناسر و رێحان شتێکی خەیاڵی خۆم بوو ، ئەو ژنەیان هێنا بۆ ئیدارەی رۆژنامەکە ، ژنێکی بە تەمەن و میهرەبان بوو و زۆر هاوشێوەی ئەو وێنە بوو کە لە رۆژنامەدا چاپ کرابوو ، وتم پێی : بەڕاستی ئێوە رێحانن ؟ .**

**شتێکی نەوت و ناسنامەکەی پیشان دا ، ڕاستی دەگوت ، ناوی ڕێحان بوو ، وتم : بڕوانە دایە گیان ، ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵییە ، هیچ نامەیەک بوونی نییە ، من داوای لێبوردن دەکەم ، لەوانەیە لێکچوونی ناو بووبێت .**

**بە هێوری لەسەر جێگای هەستایەوە و کاتێ  لە دەرگاکە دەچووە دەرەوە ، وتی : دەکرێ ئەگەر کەسێک ونبوویەکی بە ناو رێحانی بوو ئاگادارم بکەنەوە ؟ سی ساڵە کە چاوەڕوانیم .**

**پاش ئەو ڕووداوە هەستم بە تاوانباری دەکرد ، بە جۆرێک کە چەن شەو خەوی رێحانم دەبینی . بێ ئەوەی بمەوێت بوومە هۆی ئەوەی کە برینێکی عاشقانە سەرهەڵبدات ، هەستی تاوانباریم بە ئاستێک گەشتبوو کە دەمویست لە ئیشی سەرنووسەری رۆژنامە دەست بکێشمەوە ، بەڵام بەرێوەبەری رۆژنامەکە بە توندی دژی ئەوە بوو و لەو بڕوایەدا بوو کە هەر چیرۆک ، فیلم یان ئاهەنگێک ئەگەری هەیە کە ببێتە هۆی تازە بوونەوەی برینێک و نابێت هونەرمەند خۆی بە تاوانبار بزانێت و ئەو پێی خۆش بوو کە بەم شێوە دیسان چیرۆکێکی خەیاڵی بنووسم و تەنانەت پێشنیاری کرد کە مووچەکەم دوو هێندە دەکات ، منیش پێشنیاری وەسوەسە ئەنگێزیم قبووڵ کرد و بڕیارم دا کە ئەم جارە چیرۆکی پیاوێک بنووسم کە بە هۆی پێکدادانی ئوتومبیلەوە دەکوژرێت ، پاشان بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئەو پیاوە تەنیا تووشی فەرامۆشی بێت و بۆ دۆزینەوەی بنەماڵەی پێویستی بە یارمەتی بێت ، لەوانەیە چیرۆکێکی سەرنج راکێشتر بێت ، بەڵام کاتێ کە**

**خەریکی نووسینی ئەم چیرۆکە بووم لە خۆمم پرسی کە ئەگەر دیسان یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەم لە دونیای راستەقینەدا بوونی هەبێت ، چی بکەم ؟ یان ئەگەر ئێمە خۆمان کەسایەتییەکانی نێو کتێب بین ، چی دەبێت ؟ هەر لەو کاتەدا پێنووسەکەم فڕێ دا و لە ئیدارەی رۆژنامەکە چوومە دەر و چیتر نەگەڕامەوە بۆ ئەوێ ، ئێستە دوو مانگ دەبێت کە لەماڵەوەم و بۆ خۆم دەنووسم ، ئەو پارەی کە هەڵم گرتبوو زۆر نەبوو ، بەڵام توانیم کرێ خانووەکەی پێبدەم و کارەکانمی پێ جێبەجێ بکەم ، هەر بەو پارە چەند جار چوومە بینینی شانۆ .**

**بە دەنگە دەنگی خەڵک هاتمەوە سەر خۆم ، هەموو خەریبوو لە هۆڵەکە دەهاتنە دەرەوە ، بۆم دەرکەوت کە کونسێرت تەواو بووە ، بەڵام خەبەرێک لە یەڵدا و ئیبی نەبوو ، ویستم هەر جۆرێک بووە یەڵدا ببینم و هەموو چیرۆکەکەی بۆ باس بکەم ، هەروەها دەبوو بە خزمەتی ئیبیش بگەم ، پاش چەند خولەک یەڵدا و ئیبی لە هۆڵەکە هاتنە دەرەوە و سواری ماشینێکی گرانبەها بوون و رۆشتن . منیش یەکسەر تاکسییەکم گرت و وتم بە شوفیرەکە کە پیاوێکی بە تەمەن بوو کە شوێنی ئەو ماشینە بکەوە .**

**شوفیرەکە وتی : ئەگەر چوونە ئەوپەڕی دونیا چی ؟ دەبێ کرێی من بە تەواوی بدەیت .**

**وتم : تۆ دوای کەوە ، هەرچەنە پارەت بوێ ، دەتدەمێ .**

**یەکەم جار بوو کە لە ژیانمدا دوای کەسێک دەکەوتم ، لە ڕاستیدا من هیچ کاتێک نەمتوانیوە شوفیرێکی باش بم ، لەبەر ئەوەی کە لە کاتی لێخوڕینی ماشین ئاگام لە ماشینەکانی دیکە نییە . لەگەڵ هێماکانی سەر جادە چیرۆک درووست دەکەم و کاتێ چرا سەوزە ، من دەوەستم و لە چرا سوورەکانیش تێپەڕ دەبم ، لە نێو دڵما لەگەڵ ڕێبواران قسە دەکەم و بە زۆرینەی جار شوێنی مەبەست ون دەکەم . بە بڕوای من نووسەرێکی باش هیچ کات ناتوانێت ببێت بە شوفیرێکی باش ، بەڵام جیا لەم بابەتە ، هۆگری ئوتوبوس و میترۆم ، لە نێو ئوتوبوس و میترۆدا دەتوانم هەموو جۆرە مرۆڤێک ببینم ، تەنانەت چەند کەس لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکانم لەم کەسانە وەرگرتووە کە بۆ چەند ساتێک لە شوێنە گشتییەکاندا بینیومە ، واتە ئەو کەسانەی کە دەتوانم لەگەڵیان بئاخفم و ئەگەر هەست بکەن کەسێکی جێگای باوەڕم ، چیرۆکی ژیانی خۆیانم بۆ باس دەکەن .**

**باران بە بێ وەستان دەباری ، ماشینەکان بە خێراییەوە تێپەڕ دەبوون . لە ڕێگادا فکری سەیروسەمەرە دەهاتە مێشکمەوە ، بەڵام دەمزانی کە هەر کارێک بکەم هەر دەکەومە داو ، بە هۆی ئەوەی کە من پێشینەی تاوانکاریم هەیە و چەند ساڵ لەمەوپێش بە چەند ساڵ بەند سزا دراوم کە ئەویش بە هۆی کاری سینەمایی بووە ، هەرچەندە تەنیا تۆزێک بەند کرام تاکوو بێمەوە سەر خۆم ، ئەو کاتە من نە نووسەر بووم و نە دەرهێنەر ، تەنیا بەرپرسی کەل و پەل و کارەبای هۆڵی سینەما بووم . جاروبار لە کاتی نیشاندانی بەشێک لە فیلمەکان هەستم دەکرد کە پێویست نییە بینەر هەموو فیلمەکە تا کۆتایی ببینێت . لەبەر ئەوەش کارەبای سینەماکەم دەپچڕاند و**

بینەریش لە نیوەی فیلمەکەدا دەگەڕایەوەماڵەوە ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە چیرۆکێکی ناتەواو زۆر باشترە لە چیرۆکێک بە کۆتاییەکی قوڕەوە . پاش ئەوەی کە لە زیندان ئازاد بووم پرسیاریان لێکردم کە ئایا دیسان ئەم کارانە دەکەمەوە ؟ وتم بە دڵنیاییەوە ! هیچ شتێک باشتر لە پچڕاندنی گونجاوی کارەبا نییە . تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتم دەبوو ، پەیوەندییە خۆشەویستی و مرۆییەکانم لە کاتی گونجاودا دەپچڕاند ، لەوکاتەدا هەموو کەس بە چیرۆکێکی ناتەواو دەگەڕایەوە ماڵەوە .

لە ڕێگەدا فکرم لە ناتەواو هێشتنەوەی ئەم چیرۆکە دەکرد ، بەڵام کاتێ یارییەک دەست پێدەکەی ، ڕێگایەکی دیکەت نییە جگە لە بەردەوام بوون ، خۆ گاڵتە نییە ، ئابڕووی خۆتە کە دەچێت ، زۆر ئەستەمە کە ڕۆژێک لە نێو ئاوێنەدا چاو لە خۆت بکەیت و بە خۆت بڵێی : چۆنی ترسنۆک .

ماشینەکە  بەرامبەر بینایەک کە لە سەرەوەی نووسرابوو " بینای ژمارەی هەشتاوچوار " ڕاوەستا و پاسەوانی بیناکە هاتە پێشەوە و دەرگاکەی کردەوە و چەتری بۆ کردنەوە و بۆ نێو بیناکە ڕێنوێنی کردن ، ئیبی چیدی ئەو مرۆڤەی پێشوو نەبوو ، بە لووتبەرزییەوە هەنگاوی دەنا و سیمای کەسێکی پسپۆڕی موسیقا و دەوڵەمەندی لەخۆ گرتبوو ، کرێی تاکسییەکەم دا و بۆ چەند خولەک لەوێدا وەستام ، بە تابلۆی پەنای بیناکەدا بۆم دەرکەوت کە ئەوێ ئستودیۆی تۆمارکردنی موسیقایە ، خۆ دەمتوانی بچمە سەرەوە و یەک زلەی لێبدەم و هەموو باسەکە بۆ یەڵدا بڵێم ، بەڵام دیار بوو کە ئیبی بە تەواوی دەوڵەمەند بووە و دەسەڵاتی هەیە و ڕێگا نادات کە کەس بڕوا بە قسەکانی من بکات .

بڕیارم دا کە نەخشەیەکی گەورە بکێشم تاکوو هەموو بزانن کە ئیبی چ کارێکی بە من کردووە و لەو بارانەدا بە پێ هاتمەوە ماڵەوە ، بەڕاستی پێوستم بە پیاسەیەک لە ژێر ئەو بارانە بوو ، باران مرۆڤ بە شێتی دەگەیەنێت ، شتێک سەرووتر لە ئەلکول ، زۆر باش دەتوانێت بتگۆڕێت تاکوو لە هەموو ئاڵۆزییەکانی زەوین ڕەها بیت ، ونی ون دەبیت .

لە ژێر باراندا کەوتمە فکری گاڵتەی دۆستان و هاوکارەکانم ، بە منیان دەگوت شێتە ، بەڵام من شێت نیم ، ئەم بابەتە بۆ چەند ساڵ پێش دەگەڕێتەوە ، پاش ئەوەی کە دایکم کۆچی دوایی کرد ، لە بەر ئەوەی کە لە بیرەوەری ئەو ماڵە ڕەها بم چوومە بینایەکی نوێی چەند قات ، درواسەیەکم هەبوو کە تەنیا دایکێک و کوڕەکەی بوون و لە بەختی من کوڕەکەی هاوناوی من بوو ، دایکیشی بەردەوام بانگی دەکرد ، دەنگی بە جۆرێک بوو کە هەستم دەکرد دایکی خۆمە بانگم دەکات ، ئەم بابەتە لە ڕۆژە سەرەتاییەکاندا زۆر ئازاری دەدام ، بەڵام دوایی هەوڵم ئەوە بوو کە چێژ بەرم لەم ڕووداوانە و دەستم دایە وەڵامدانەوە .

دایکەکە لەوبەری دیوارەوە بە کوڕەکەی دەوت : نانی ئێوارە ئامادەیە ، منیش لەم بەری دیوارەکەوە دەموت : ئێستا دێم ، زۆر گەمژانە بوو ، بەڵام من دەنگیم بە ڕوونی دەبیست و پێموابوو کە دایکی خۆمە ، کاتێ کە بە کوڕەکەی دەگوت : شاڵگەردەنی چ ڕەنگی بچنم بۆت ؟ ،

دەموت : شین ! تەنانەت بەیانییان کە لە خەو هەڵی دەستاند ، لێی دەپاڕامەوە کە ڕێگە بدات نەختێک زۆرتر بخەوم ! .

لە ڕاستیدا من هیچ کات کوڕەکەییم نەبینیوە ، تەنیا چەند جارێک دایکەکەییم کاتێ کە دەچووە دەرەوە لە دەلاقەکەوە بینیوە ، مووی خۆڵەمێشی ڕەنگ و دەمووچاوێکی میهرەبانی هەبوو ، هەمووکات بە کۆڵێ شتەوە دەگەڕایەوە .

جارێکیش ئەو جورئەتەم بە خۆم دا کە نامەیەکی بۆ بنووسم : منیش هاوناوی کوڕی ئێوەم و ئێوەم وەکوو دایکی خۆم خۆش دەوێت .

تا ئەوەی کە ڕۆژێک شتەکە ئاڵۆز بوو ، یەکێک لە هاوڕێیانم کە زانی لە ماڵەوە خەریکم لەگەڵ خۆم قسە دەکەم ، ئەویش ویستی دڵسۆزیم بۆ بکات ، تاکوو بە خۆمدا هاتمەوە زانیم کە لە شێتخانەم و دەڵێن ئسکیزۆفرنیم هەیە .

لە شێتخانەدا پاش درووستکردنی فایل ، کوڵێک داروی نەخۆشیان پێدام ، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە نێو چەند نەخۆشی ئسکیزۆفرنی بووم کە دانەیەکیان پێی وابوو کە ستیون سپیلبرگە و یەکێکی دیکەش پێی وابوو کە لەگەڵ ڕۆحی بتهووندا پەیوەندی هەیە ، منیش دەبوو ئەوە بسەلمێنم کە تەنیا وەڵامی ژنی دراوسێکەم داوەتەوە ، بەڵام هەرکات کە چیرۆکەکەم بۆ دکتورەکان باس دەکرد ، دەیانوت کە دراوسێکەت چەند ساڵە کە تەنیا دەژی !

ئیدی خۆیشم وردە وردە خەریکبوو باوەڕم دەکرد کە شێت بووم ، تا ئەوەی کە ڕۆژێک هات بە مێشکمدا کە جلی یەکێک لە دکتورەکان بدزم و لە شێتخانە دەرچووم ، یەکسەر چوومە لای ژنە دراوسێکەم ، بەڵام لەو ماڵەدا نەمابوو ، نامەیەکی بۆ دانابووم کە تێیدا هاتبوو : منیش ئێوەم وەکوو کوڕی خۆم خۆشدەوێت ، ئەگەر کوڕەکەم زیندوو دەبوو ئێستا هاوتەمەنی ئێوە بوو .

پاش ئەو ڕووداوە دیسان ماڵەکەم گۆڕی ، ماڵی نوێ بڕێک بچووکتر بوو ، گەڕەکێکی خۆشتریش بوو ، کاتێ کە ماڵەکەم دەگرت ، خاوەن ماڵەکە پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە کەسی دیکە نەبەمە ماڵەوە و ماڵە نەکەم بە بەزم ، بەڵام ئەوە بۆ ماوەی چەند مانگێکە میهران دۆستی دێرینم لە فەرانسە گەڕاوەتەوە و بە بێ ئەوەی کە کەس بزانێت لەگەڵ من دەژی .

بەو جلانەی کە لە ژێر بارانەکەدا خووسابوون ، گەرامە ماڵەوە ، بانگم لە میهران کرد بەڵام لە ماڵەوە نەبوو ، چوومە ژوورەکەم و بە زۆر جلەکانم گۆڕی ، لە پشتی مێزەکەم دانیشتم و وەکوو هەمووکات چاوم لە ئاوێنەکە دەکرد ، نووسەرەکان مرۆڤگەلێکی تەنیان ، جاروبار بۆ ماوەی چەند کاتژمێر ، ڕۆژ ، مانگ یان چەند ساڵ لە ژوورێک دادەنیشن و بیر لە چیرۆکەکانیان و کەسایەتی نێو چیرۆکەکانیان دەکەنەوە ، تەنانەت بە بێ ئەوەی کە یەک وشە لە سەر تێنووس بنووسن ، ئەم خەیاڵاوی بوونە تا ئەو کاتەی دەچێتە پێش کە لە هەقیقەتی ئەزموونەکانی خۆشیاندا گومان دەکەن و لەوێدایە کە لە لووتکەی تواناییدا دەگەن بە پووچی .

زۆر پێویستم بە کەسێک بوو کە قسەی لەگەڵ بکەم و باسی بیرۆکە و ئەو چیرۆکانەی بۆ بکەم کە لە مێشکمدایە ، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت کە ڕەقەمێک بگرم ، بەڵام کەسم نەبوو ، دەفتەری فۆنەکەم پڕە لە ناوی جۆراوجۆر ، بەڵام کاتێک کە دەمەوێت کەسێک بدۆزمەوە کە لەگەڵی قسە بکەم ، بەوە دەگەم کە هیچ کەسێکم نییە و ئەو ژمارانەی کە لە بەردەستمدایە وەکوو پارەی دڕاون کە هیچ بەهایەکیان نییە .

پاش ئەوەی کە کتێبی یەکەمم واتە چارەنووسی تاڵ ، فرۆشێکی باشی هەبوو و بڕێک ناوبانگی دەرکرد ، دۆستە نزیکەکانم بۆ ئەوەی کە بە منی بسەلمێنن کە هیچ نیم ، هەموویان دووریان خستمەوە و تەنانەت وەڵامی تەلەفۆنەکەمیان نەئەدایەوە ، دڵم بە هۆگرانی خۆم خۆش بوو ، بەڵام پاش ئەوەی کە کتێبی دووەمم کە بە ناوی دەستە و تاقمی خەواڵووەکان کە کومیدییەکی کۆمەڵایەتی بوو ، شکستی خوارد و فرۆشێکی وەهای نەبوو ، هەستم بەوە کرد کە هۆگرانیشم لە دەست داوە ، تەنانەت چاپخانەکانیش حەزیان لێنەبوو کە هاوکاریم بکەن .

بڕیارم دا کە بە ڕێکەوت ژمارەیەک بگرم و بەم شێوە بە بێ ئەوەی کە وتەی ڕابردوو زیندوو بکرێتەوە دەکرا کە بڕێک پێکەوە قسە بکەین ، فۆنەکەم هەڵگرت و ڕەقەمێکم گرت و بە شێویەک کە چەند ژمارەی جووتم وەکوو چوارگۆشەیەک گرت و پاش چەند جار دەنگی زەنگ ، کچێکی گەنج وەڵامی دایەوە و وتی : فەرموون ؟

لە کاتی دەربڕینی وتەی فەرموو ، زانیم کە کچێکی شەرمینە .

وتم سڵاو ، من نووسەرم و ژمارەی ئێوەم لە خۆمەوە گرتووە و نامەوێت ئازارتان بدەم و تەنیا دمەوێت بڕێک قسە بکەین و بیرۆکەی یەکێک لە چیرۆکەکانم بۆ ئێوە باس بکەم .

پێکەنی و وتی : لەوە ناچێت کەسێکی باشت هەڵبژاردبێت ، چون من شتێک لە چیرۆکنووسین نازانم .

وتم : بە پێچەوانە ئێوە کەسێکی گونجاون بۆ مەبەستی من ، چون ئەگەر وانەدەبوو تاکوو ئێستا پەیوەندییەکەت دەپچڕاند ، ئێستا دەتەوێت گوێت لە چیرۆکەکەم بێت ؟ .

ساتێک بێدەنگ مایەوە و پاشان وتی : بەڵی وا گوێم لێتان دەبێت .

وتم : ئەمە چیرۆکێکی کورتە کە دەمەوێت درێژەی بدەم ، پارێزەرێکی زیرەک دەیەوێت لەگەڵ کچێکی بالرینی (سەمای شانۆیی) جوان هاوسەرگیری بکات ، کچەکە لەو موو زەردە خۆشڕوانەی بوو کە باڵایەکی مام ناوەندی هەبوو ، ژیانێکی خۆشیان هەبوو ، پارێزەر خەریکی کاری یاسایی خۆی بوو ، بڕێک جار لە دۆسییەکانیدا شکستی دەخوارد بەڵام ژنەکە هەر سەمای بالرینی دەکرد . پاش چەند مانگ پارێزەر هەست بەوە دەکات چیدی ئەو کچەی خۆش ناوێت و حەزی لە کچی

زیرەک و باڵابەرز و موو ڕەش دەبێت ، پارێزەر وردە وردە خۆشەویستی بۆ ژنەکەی کەم دەبێتەوە ، لە کاتێکدا کە هاوسەری بالرینی هەر خەریک سەمایە .

تا رۆژێک کە پارێزەر ژنێکی دوکتوری دەرمانساز دەبینێت ، لەو ژنە زیرەکانە کە باڵای بەرزە و موویشی ڕەشە ، لە پڕ عاشقی دەبێت ، خانمی دکتور بەرپرسی پێدانی دەرمانی متادۆن بە کەسە موعتادەکان دەبێت ، متادۆن مادەیەکی هۆشبەری کونترۆڵکراوە کە دەیدەن بە موعتادەکان تاکوو ناچار نەبن کە تەرمەکانیان لە شەقامەکان کۆبکەنەوە ، کاکی پارێزەریش بۆ ئەوەی کە بتوانێت زۆرتر لە خانمی دکتور نزیک بێتەوە ، دەبێتە موعتاد تاکوو هەموو رۆژێک بچێتە لای و دەرمانی لێوەربگرێت . خانمی دکتوریش دەبێتە هۆگری ئاغای پارێزەر و بۆ ئەوەی کە هەموو رۆژێک ببینێت دەرمانی زۆرتری پێدەدات .

خانمی بالرین کە هێشتاکوو هەر سەما دەکات بەم شتە دەزانێت و لە کاکی پارێزەر جیا دەبێتەوە ، پارێزەریش ناچار دەبێت نیوەی سامانەکەی بە خانمی بالرین بدات ، بەرپرسانی دەرمانخانە بەوە دەزانن کە خانمی دکتور بە ئەنقەست متادۆنی لە ڕادەبەدەر بە نەخۆش دەدات و بڕوانامەکەی بەتاڵ دەکەنەوە ، کاکی پارێزەر و خانمی دکتور پێکەوە هاوسەرگیری دەکەن بەڵام پاش ماوەیەک دەزانن کە بۆ یەکتر گونجاو نین ، لە یەک جیا دەبنەوە و هەردووکیان خەمۆکییەکی قورس دەگرن ، بەڵام لەولاوە خانمی بالرین هەر پێدەکەنێ و سەما دەکات .

لەم چیرۆکەدا بە سێ ئەنجام دەگەین : یەکەم ئەوەی کە کەسێک کە هەموو مەرجەکانی تۆی لە خۆ گرتووە ناتوانی دڵنیا بی کە دەتوانێت هاسەرێکی باشیش بێت ، دووەم ئەوەی کە کەسێک کە دەیەوێ هەموو کارێکت بۆ بکات تا هەتایە وا نامێنێ ، سێیەم ئەوەی کە کەسێک کە گرینگی بە هیچ نادات دەتوانێت براوەیەکی راستەقینە بێت .

دەنگی هەناسەکانی ئەو کچەم لە پشتی فۆنەکەوە دەبیست ، پاش چەند سات بێدەنگی بە دەنگێکی هێور و دڵنشینەوە وتی : هەوڵی خانمی دکتور زۆر لە لام گرینگ بوو ، من نامەوێت دانیشم و تماشا بکەم کە کەسێک هەوڵ بۆ بەدەستهێنانم دەدات ، بەڵام لەوانەیە ئەمە نەریتێک بێت یان سرووشتی کچەکانە کە کاتێ خۆشیان لە کەسێک دێت دەبێ چاوەڕوان بن تا ئەو کەسە بێتە پێشەوە ، چاوەڕوانی ترسناکترین بەشی خۆشەویستییە لە لای کچێک ، ترس لەوەی کە نەیەت یان زۆر دێر کەوێت ، بەڵام من ئەگەر رۆژێک کورێکم خۆش بوێت ، خۆم هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەدەم ، بۆ؟ وەڵامەکە زۆر سادەیە ، چون من خۆشم دەوێت و دەمەوێت لەگەڵ کەسێک بم کە خۆشم دەوێت ، تەنیا ئەوەی کە کوڕێک خۆشی لە کچێک بێت بۆ من بەس نییە .

قسەکانیم بەدڵ بوو ، فۆنەکەم خستە ئەو دەستمەوە و گوتم : بەڵام خۆشەویست بوونی یەک لایەنە زۆر کەس ناچار دەکات کە پەیوەندییەک دەست پێبکەن .

دەنگی ساف کرد و وتی : بەڵام زۆرینەی کچەکان فکریان لەوە نەکردۆتەوە کە دەتوانن ئەو کەسەی کە خۆشیاندەوێت بە دەستی بهێنن .

وتم : تۆ لەو کەسانەی کە ناتەوێت کەست لێ نزیک بێتەوە ، دەتەوێت خۆت یەکەم کەس لەو کەسە نزیک بیتەوە ، بە هەر حاڵ ، لەو چیرۆکەدا کە باسم کرد ئەو کچە بالرینەت لە بیرە کە هەمووکات سەمای دەکرد ؟ ڕات چۆنە سەبارەت بەوەی کە کەسێک کە گوێ بە هیچ نەدات ، دەتوانێت براوەیەکی ڕاستەقینە بێت ؟

وتی : گوێ بگرە ، من دەمتوانی لە جێگای ئەم قسانە ، بە بێ گوێدان بەو قسانەت ، بۆ تۆ ویالۆن لێدەم ، بەڵام ئەم گوێ نەدانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان لە یەکدی دوور کەونەوە ، ڕاستە لە یەک تێنەگەشتن باروودۆخ خراپتر دەکات ، بەڵام گوێ نەدان بەو تێنەگەشتنە باروودۆخ خراپتر دەکات .

وتم : ڕاوەستە با چیرۆکێکی دیکەت بۆ باس بکەم ، پێم وایە ئەمەت زۆرتر پێ خۆش دەبێت .

وتی : با ئەوەش بڵێم ، کاتێ کاتەکە بە سەر دەچێت و ناگەرێتەوە ، گوێ نەدان باشترین بژاردەیە ، بەڵام کاتێ کە رێگا چارەسەر هەیە ، گوێ نەدان جۆرِیک خۆکوژییە ، خۆکوژییەکی گاڵتەئامێز ، چون لەوانەیە ڕیگا چارەسەرێک هەبێت .

وتم : دەزانم کە زۆر قسە دەکەم بەڵام تکایە گوێ لەم چیرۆکەشم بگرن .

بە دەنگە خۆشەکەیەوە گوتی : پێم خۆشە گوێبیستی بم .

وتم : سێ دەلاقە لە لای یەکتر بوون کە ڕوو بە کێوێ دەکرانەوە ، دەلاقەی سوو ، زەرد و شین ، دەلاقەکان عاشقی کێو بوون ، ئەوان هەموو رۆژێ بانگیان لە کێو دەکرد و گۆرانییان بۆ دەخوێند ، کێویش وەڵامی دەدانەوە ، دەلاقەکان بۆ چەندین ساڵ هاتن و رۆشتنی هەتاویان لە پشتی کێوەکەوە دەدی ، بە شەو ئەستێرەکانیان دەژمارد ، لە ژێر باراندا تەڕ دەبوون ، دەلاقەکان دەیانزانی کە کێو هیچ کاتێک لەوێ ناڕوات ، تا ئەوەی کە رۆژێک بەرامبەر بە دەلاقەکان بینایەکی بەرز دەکەنەوە ، دەلاقەکان چیتر نەیاندەتوانی کێوەکە چاو کەن ، کێوەکەیان بانگ دەکرد ، بەڵام وەڵامێک نەبوو ... دەلاقەی زەرد و سوور کێوەکەیان فەرامۆش کرد ، بەڵام دەلاقەی شین هەر لە خەیاڵی کێوەکەدا بوو ، بە جۆرێک کە هەرچەندە کە کێوەکەی نەدەدی و وەڵامێکی نەدەبیست ، بەڵام هەمیشە ئاوازی بۆ دەخوێند و بانگی دەکرد ، دەلاقەی زەرد و سوور بە دەلاقەی شینیان دەوت : ئێستا کە دیوارێکی بەرزیان لە بەینی ئێمە و کێوەکە کێشاوە و ئێمە کێوەکەمان لە دەست چووە ، دەبێ تۆش لە بیری بکەیت ، چون ئیتر هیچ کات ناتوانی چاوی بکەیت ، بەڵام دەلاقەی شین دەسهەڵگر نەبوو ، هێندە ئاوازی خوێند و خۆی تێکدا تاکوو رۆژێک لەو بینایە لایانبرد و فرێیان دا ، دەلاقەی شین تەنانەت کاتێ کە لە نێو ئاسنە شکاوەکاندا بوو ، هەر بە یادی کێوەکەوە دەژیا و بانگی دەکرد ، شەوێکی ساردی زستانی

، ڕێبوارێک دێته نێو ئاسنه کۆنەکان تاکوو دەلاقەیەک بدۆزێتەوە ، دەلاقەی شین چاو دەکات و دەیخاته سەر پشتی و دەڕوات بەرەو ماڵەوە ، ماڵێکی بچووک له نێو کێوەکەدا . دەلاقەی شین کاتێ که کێوەکەی چاو کرد فرمێسکی جوڵا و پاشان پێکەنی و وتی به کێوەکه : ئەوەی که نەبووی و تۆم نەدەدی ئەستەم بوو ، بەڵام نەدەکرا که لەبیرت بکەم و خۆشتم نەوێت . کێو پێکەنی و وەڵامی دایەوە : " ئەوەی که نەبووی و تۆم نەدەدی ئەستەم بوو ، بەڵام نەدەکرا که لەبیرت بکەم و خۆشتم نەوێت ... " .

بێدەنگ بووم و چاوەڕیی وەڵامی بووم ، به دەنگێکی لاوازەوە وتی : خۆزگه هەموو وەکوو دەلاقەی شین دەبووین و به خێرایی یەکترمان له بیر نەدەکرد .

وتم : تۆ چی ؟ وەکوو دەلاقه شینەکەی یان به خێرایی مرۆڤەکان له بیر دەکەی ؟

وتی : به ڕای تۆ کامیانم ؟

وتم : کچێکی گۆشەگیر دیاری ، کچه گۆشەگیرەکان باش دەناسم ، زۆربەی قسەکانیان به ئاوێنەی ژوورەکەیان دەڵێن ، هەمیشه قەیچییەکی ئامادەیان هەیه بۆ ڕۆژانی بێتاقەتی خۆیان ، کاتێکیش که دەیانەوێت بخەون ، پاکانیان له باوەش دەگرن ، ئەوان به ئاسایی نابنه نچیر ، بەڵام ئەگەر هۆگری کەسێک بوون ، وەکوو کاتژمێری پاندۆلییه که ئەگەر سەد ساڵیش تێپەڕ بێت دیسان کاتژمێری دوازدەی دڵیان هەر بانگیان دەکات ، پێم وابێت دەسهەڵگرتن بۆ کچێکی وەک تۆ ئەستەم بێت .

وتی : ئەرێ ، بەڵام جاروبار به ئاسانی مرۆڤه گرانبەهاکانی دەورووبەرمان له دەست دەدەین ، لەوانەیه کێشه لەوەدا بێت که چون به ئاسانی به دەستی دێنین یان به دەستمان دێنن به ئاسانیش له دەستی دەدەین یان له دەستمان دەدەن ، لەبەر ئەوەش که ئەگەر بڕیار بێت که سازێک بم ، پێم خۆش بوو که ویولون سل بم ، به هۆی ئەوەی که ژەندنی ویولون سل کاری هەر کەسێک نییه ، هەر کەسێک که بێته پێشەوە ناتوانێت که ئاهەنگێکی باش به ویولون سل لێدات .

وتم : ئەتوانم پێشبینی بکەم که ئەگەر بڕیار بێت که میوەیەک بیت ، به دڵنیاییەوە دەبوویته شاتوو ، به هۆی ئەوەی که چنینی زۆر ئەستەمه و لەوەش گرینگتر ئەوەیه که له کاتی خواردندا ، جلەکان ڕەنگی و پیس دەکات .

ورده ورده پێکەنی و وتی : شایەدیش میوەیەکی نایاب له دارستانه کەمەرەییەکان .

وتم : تا ئێسته عاشقی کەسێک بوویت ؟

بێدەنگ بوو ، هەستم کرد که له ناخی دڵەوە خەمین بووە و نایەوێت سەبارەت بەو بابەته بدوێت .

وتم : دەزانم کە کارێکی سەیرم کردووە کە تەلەفۆن بۆ کەسێکی نامۆ بکەم ، بەڵام بە ڕاستی پێویست بوو لەگەڵ کەسێک بدوێم ، ئێستاش دەمەوێت بە ئەوپەڕی بێ شەرمییەوە پرسیارت لێبکەم کە ئایا دەتوانم جارێکی دیکە لەگەڵت قسە بکەم ؟

وتی : بە دڵنیاییەوە کە دەتوانی ، کێشە نییە ، خوشحاڵ دەبم .

وتم : بە هیوام کە شەوێکی خۆشت هەبێت .

کاتێ کە تەلەفۆنەکەم بڕی ، تازە زانیم کە نە من ناوی ئەوم پرسی و نە ئەویش ناوی من ، بەڵام دەڵێی چەند هەزار ساڵ بوو کە دەمناسی . بە ماندووییەوە لەسەر تەختەکەم دانیشتم و هەستم بەوە کرد کە بڕێک باشتر بووم ، چاوم لە دەفتەری بیرەوەری و پێنووسەکەم کرد و هەموو بیرەوەرییە تاکە کەسییەکانم هێنایەوە فکری خۆم کە لە پشت مێزی نووسینەوە هەبووم ، لە تەختەکەم تاکوو مێزی نووسین مەودایەکەی وەها نییە ، بەڵام چەند ڕۆژێک بوو کە بوێری ئەوەم نەبوو کە بچمە نزیکی مێزی نووسینەوە و شتێک بنووسم ، ترس لە نووسین شایەد خراپترین ڕووداوێک بێت بۆ نووسەر ، لە کاتێکدا مێشکم پڕ لە چیرۆکی نوێ بوو بەڵام دەڵێی پینووسەکەم وشک ببوو ، هەرچەندە گومانم نییە کە ئەم ڕووداوە بە هۆی چاپی دوایین بەرهەممەوە بوو ، کتێبێک کە هیچ چاپخانەیەک ئامادە نەبوو کە لە سەری سەرمایەگوزاری بکات ، خۆیشم پارەیەکم نەبوو کە چاپی بکەم ، لەبەر ئەوەش ماندوویەتی و شەونخونی لە جەستەمدا مابوویەوە ، ڕێک وەک ئەکتەرێکی شانۆ کە پاش تەواو کردنی شانۆکەی دەبینێت کە کەس لە هۆڵەکەدا نییە تاکوو چەپڵەی بۆ لێدات .

چەند ڕۆژە کە بیر لەوە دەکەمەوە کە چیدی نووسین بخەمە لاوە ، شایەد بڕیارێکی ئیحساسی بێت بەڵام کاتێ کە سەیری ژیانم دەکەم ، دەبینم کە کاتژمێری زۆرە کە لە پشتی مێزەکەدام و بۆ بێداری مرۆڤەکان چیرۆک دەنووسم ، ئەو چیرۆکانەی کە بە خێرایی لەبیر دەکرێن ، چون مرۆڤەکان چیرۆکی ژیانی خۆشیان فەرامۆش دەکەن چ بگات بەو چیرۆکانەی کە لە نێو کتێبەکاندا دەیخوێنن ، بە خۆم دەڵێم کە لە جێگای دانیشتن لە پشت مێز و نووسین ، کارێکی دیکە بکەم و چێژ لە ژیان بەرم ، بۆ نموونە دەتوانم فێری ئاکاردیون بم و لە خیاباندا بۆ خەڵک موسیقا لێدەم ، یان دەتوانم خۆم جوانکاری بکەم و وەکوو گاڵتەچی ناو سێرک بزە بخەمە سەر لێوی منداڵان . بەڵام لەوانەیە باشتر بێت کە بۆ مندالان چیرۆک بنووسم ، چون چیرۆکی سەردەمی منداڵی لە بیری کەس ناچێتەوە ، هەموو کەس چیرۆکی عەشقی منداڵییان لە بیر دەمێنێت یان چیرۆکی دەرچوون لە قوتابخانە یان ئەو چیرۆکانەی کە بە شەودا بۆیان دەوترێ تاکوو بخەون ، بەڵام هەر بە خەبەر دەمێنن . بەلام مرۆڤەکان کاتێ گەورە دەبن ، دەگۆڕێن و بەو چیرۆکانەی کە بۆ بێداری دەنووسرێن ، دەخەون .

هەستم بەوە دەکرد کە پێویستم بە ماوەیەکی زۆری پشوودانە ، بەڵام دیارە کە مێشکی نووسەرێک هیچکات ناتوانێت ئارام بگرێت و هەمووکات خەریکی داڕشتنی بیرۆکەی نوێیە و نەنووسینی ئەو بیرۆکەگەلە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماندوویەکەی چەند قات بێتەوە .

چاوم لە کاتژمێر دەکرد ، دەی شەو بوو ، لەسەر جێگا هەستامەوە و جامی قاوەکانم کۆ کردەوە کە چەند رۆژێک بوو لە سەر مێزەکە مابوونەوە . لە ماوەی چەند رۆژی پێشوودا هەموو ئەو کارانەی کە بۆ دۆزینەوەی خۆم پێویستە ، کردوومە ، باشترین بۆنم لە خۆم دا ، ئەو جلەم لەبەر کرد کە حەزم لێیەتی ، رۆشتمە ئەو خیابانەی هەمیشەیی و لە ژێر باراندا پیاسەم کرد و پاشان گەڕامە ماڵەوە ، قاوەم درووست کرد و ئەو ئاهەنگەم چەند جار گوێ گرت کە حەزم لێیەتی ، لە تۆی کتێبەکان و نووسراوەکان و رێبازە جۆراوجۆرەکان بە دوای خۆمدا دەگەڕام . بەڵام هیچ کام لەو رێگاگەلە چیدی کاریگەری پێشووی نەبوو ، ئەو هەستەی کە ئێستا هەمە ناوێکی تایبەتی نییە و لە بازنەی هیچ ڕێبازێکدا خۆی ناگرێتەوە ، هەستێکە لە نێو تەنیایی و بێکەسیدا ، ڕاستییەکەی ئەگەر دەمتوانی لەم سەرگەردانییە ڕزگار بم بە دڵنیاییەوە بێ کەسیم هەڵدەبژارد ، بێ کەسی زۆر ڕاستگۆیانەترە ، بەڵام تەنیایی نە ، تەنیایی بەردەوام ئازارت دەدات ، لەبەر ئەوەی فکر لەوە دەکەیتەوە کە لەوانەیە تێکەڵی کەسێکی دیکە بیت .

لە ژوورەکەم چوومە دەرەوە ، ماڵی بچووکی من وەکوو هەمیشە تاریک و بێدەنگ بوو ، تەنیا ڕووناکی زەردڕەنگی چێشتخانە کەمێک ماڵەکەی ڕووناک دەکردەوە . تۆز لە سەر هەموو کەل و پەلەکانی ماڵەوە نیشتبوو ، ماوەیەک بوو کە دەستێکم بە ماڵەکەمدا نەهێنابوو . گەشتمە چێشتخانە و جامی قاوەکەم خستە نێو قاپشۆرەکە و دەرگای کابینتەکەم کردەوە بە شوێنی دوایین بەستەی نودل دەگەڕام ، ئەو کارەی کە بۆ ماوەی چەند رۆژ بەردەوام دووپاتم کردبوویەوە بەڵام ئەنجامێکی نەبوو ، چوومە سەر ساردکەرەوە و کەمێک کەرەم دۆزییەوە و خستمە سەر نانێک . کاتێ یەکەم تیکەم خستە دەممەوە ، چاوم بە وێنەی سەر ساردکەرەوەکە کەوت ، جووڵەم بڕا و دەمم وەستا ، وێنەی نەفرەتی ، تاکە وێنەی خۆم و باوکم کە لە شەش مانگیدا پێکەوە گرتبوومان ، هەمووکات ئاواتم دەخواست کە خۆزگە ئەو وێنە نەدەبوو ، بەم شێوە شایەد ئاسانتر لەگەڵ نەبوونی باوکمدا ڕادەهاتم . بە وێنەکەیدا دیار بوو کە دڵێکی میهرەبانی بووە ، باوکم هونەرمەند بوو ، هونەرمەندێک بە کاریگەری زۆرەوە ، باوکم بە جۆرێک لە نێو مێشک و دڵی دایکمدا ڕەخنەی کردبوو کە دایکم هەمووکات یادی دەکرد ، من بە پێی پەیڤەکانی دایکم بەوە گەشتم کە پیاوی هونەرمەند نە ڕیش و سمێڵێکی تایبەتی هەیە و نە هەڵسووکەوتێکی سەیر و نە هەوڵ دەدەن کە قسەی زل بکەن ، بە پێچەوانەوە زۆربەیان کەسانێکی سادەن و دەستەکانیان بەهێزە ، ئەو شتەی کە هونەرمەند دەکات بە هونەرمەند ئەوەیە کە بەڕاستی عاشقی ژنێک بێت . بە بڕوای من خۆشەویستی مەزنترین بەرهەمێکی هونەرییە کە هونەرمەند دەتوانێت بیخولقێنێت .

گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و میهرانی هاوماڵ و دۆستی نزیکم بینی کە پاش چەند ڕۆژ بێ خەبەری گەڕابوویەوە . هەمیشە کتوپڕ دەرۆشت و دیاریش نەبوو کە بۆ کوێ دەچێت . میهرانیش وەکوو من نووسەر بوو بەڵام کتێبەکانی ئەو فرۆشی باشی دەکرد و هەموو چاپخانەکان بەدوایەوە بوون تاکوو لەگەڵی گرێبەستی بەنرخ بکەن ، تەنانەت دووان لە کتێبەکانی کە خۆی بە فەرەنسی وەریگێڕابوون و لە پاریسدا و لە بۆنەی واژۆکردنیدا سەدان کەس هاتبوون و لە ڕۆژنامەکان و میدیاکانی فەرانسەدا باسی نموونەیی بوونی کتێبەکانی دەکرا ، بە بڕاوی من میهران شایانی ئەو هەموو سەرکەوتنە بوو چون بە بێ زێدەرۆیی مێشکێکی داهێنەری هەبوو ، بە وتەی خۆی ، ئەدەب و چیرۆکنووسین لە هەموو کاتان پێویستی بە داهێنانی زۆرتر هەیە .

میهران کۆتی ئاڵتونی وەک هەمیشە لەبەر کردبوو و کاتێ کە لە دەلاقەوە چاوی لە دەرەوە دەکرد ، جگەرەی دەکێشا ، کارێک کە من ڕقم لێیەتی ، چەندین جار پێم وتبوو کە حەزم لێ نییە کە ژوورەکەم بۆنی جگەرە بدات ، چەند هەنگاوێک چوومە پێشەوە و جگەرەکەم لە دەستی سەند و لە دەلاقەکەوە فڕێم دایە دەرەوە ، میهران بە سەرسوڕمانەوە وتی : چی دەکەی ؟ نابێ هێندە خۆپارێز بیت ! .

وتم : دەزانی کە ڕقم لە بۆنەکەیەتی .

وتی : نەمزانی لە ماڵەوەی .

وتی: پێش تۆ لێرە بووم ، چی بووە ، لە چی بێتاقەتی ؟

لە سەر تەختەکەم دانیشتم و ئاخێکم هەڵکێشا و وتم : نە ، تەنیا نەختێک ماندووم ، دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم ؟

میهران دیسان جگەرەیەکی خستە سەر لێوی و دایگیرساند و وتی : فەرموو .

ئەم جارە نەمتوانی بەرگری لێبکەم و وتم : پەیوەندیت لەگەڵ باوکت چۆن بووە ؟ خۆشت ویستووە ؟

هەروا کە جگەرەکە بە گۆشەی لێویەوە بوو و هەوڵی دەدا کە هەناسەی لێبدات ، وتی : پێم وابێت دەبێ ئەو وێنە لەسەر ساردکەرەوەکە لابەیت .

هەناسەیەکی دیکەی لە جگەرەکە دا و ئاخێکی هەڵکێشا و وتی : بە دڵنیاییەوە کە خۆشم ویستووە ، بەڵام باوکم هەمیشە لە سەفەر بوو ، بەم هۆیەش بیرەوەرییەکی ئەوتۆم لێی نییە ، لە ڕاستیدا زۆر جدی بوو ، سامانێکی زۆریشی هەبوو بەڵام هیچی بە من نەدا .

پرسیارم کرد : بۆچی ؟

وتی : " کەسێکی تایبەت بوو ، دەیگوت کە خۆت دەتوانی پارە پەیدا بکەی ، لە بیرمە کە جێژنی لەدایکبوونی چواردە سالەییم بوو کە دەستی گرتم و منی بردە ژێر زەوینەکە و وتی : ئێستا کاتی هاتووە کە شتێکی گرینگت نیشان بدەم ، ئەمە نهێنییەکی گەورەیە ..." ، من هیچکات بۆم نەبوو کە بچمە ژێر زەوینەکە ، لەبەر ئەوەش هەمووکات بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ژێر زەوینەکەماندا نەخشەی خەزێنە یان ڕێگایەکی نهێنی هەیە ، بەڵام کاتێ کە باوکم دەرگای ژێر زەوینەکەی کردەوە بینیم کە باوکم کۆمەڵێک لە پەپوولەی جۆراوجۆری کۆکردۆتەوە . باوکم وەک بڵێی کە بینینی پەپوولەکان هەمووکات بۆ ئەو شتێکی نوێ بووە ، جگەرەکەی هەڵکرد و وتی بە من : سەیروسەمەرەیە ، وانییە ؟ پێت خۆشە جوانترینیان ببینی ؟ وتم : بە دڵنیاییەوە ، هەستاو و دەستی کرد بە گەڕان لە نێو کولکسیونەکەدا ، لەو کاتەشدا هەناسەی لە جگەرەکە دەدا و پەپوولەی ڕەنگاورەنگی نیشان دەدام و باسی وردەکاری و شێوازی ڕاوکردنیانی دەکرد . تاکوو ئەو پەپوولەی کە مەبەستی بوو ، دۆزییەوە ، بەڵام ئەو پەپوولە ئاساییترین پەپوولەی کولکسیونی باوکم بوو ، باڵەکانی سپی بوو کە هیچ نەخشێکی تایبەتی لە سەر نەبوو ، چەند خۆلەک چاوی بڕیبوویە پەپوولەکە ، جگەرەکەی خستە لاوە و وتی : ئەمە خۆیەتی ، دەیبینی ؟ تایبەتە ، لەوانەیە سادە بێتە بەرچاو بەڵام جیاوازە ، ئەمە لە پڕ هاتە پێشەوە و لە هەوادا سەمایەکی بۆ کردم و نازێکی کرد و پاشان فڕی و ڕۆشت ، منیش یەکسەر تۆڕی ڕاوەکەم هەڵگرت و کەوتمە شوێنی ، من پەپوولەی زۆرم هەبوو لە هەموو جۆر و ڕەنگێک ، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەم یەکە زۆر هەوڵم دا و بەدوایدا ڕۆشتم و هەموو وزەم بۆی دانا ، منی بردە شوێنێکی نامۆ ، منی لە خۆمدا ون کرد ..." .

وتم : " دوایی چی ڕوویدا ؟ پەپوولە سپییەکەی پێدای ؟ "

وتی : بەڵێ ، دیاری جێژنی لەدایکبوونم بوو .

وتم : ئێستاش ماوە لە لات ؟

وتی : نە ، ونم کرد ، چون بۆ بەدەستهێنانی هیچ هەوڵێکم نەدابوو ، باوکم کاتێ کە بەمەی زانی زۆر تووڕە بوو ، پاشان بڕیاری دا کە هیچ لە سامانی خۆی بە من نەدات تاکوو خۆم بۆ ئەو شتەی کە دەمەوێت هەوڵ بدەم ، دەیوت بەم شێوە ئیتر ونی ناکەیت .

وتم : باشی ئەوەیە کە بیرەوەرییەکت لەگەڵ باوکت هەیە ، من ئەوەشم نییە ، ساڵێک تەمەنم بوو کە باوکم مرد بە هۆی پێکدادانی ماشینەوە .

بە ئەوپەڕی گرینگی نەدانەوە وتی : بە داخەوە ، قاوەیەک بخۆین ؟

وتم : واز بێنە ، تۆ هیچکات قاوەکەت ناخۆی .

وتی : شایەد بمەوێت جارێک تاقی کەمەوە ، گوێم لە قسەکانت بوو لەگەڵ ئەو کچە ، وتووێژێکی تایبەت بوو .

بە سەرسوڕمانەوە وتم : تۆ گوێت گرتبوو لە قسەکانمان ؟

وتی : نە ، بەڵام دەنگی فۆنەکە بەرز بوو ، منیش گوێم لێبوو ، حەزم لە وتەکانی کچەکە بوو ، بە تایبەت لەو شوێنەیدا کە دەیگوت ، ترس لەوەی کە نەیەت یان ئەوەی کە درەنگ کەوێت .

وتم : " بەڵام هەمیشە درەنگ دەبێت ... " .

وتی ؟ نە هەمیشە ، کاتێ کە هێشتا درەنگ نەکەوتووە ، ئاگامان لێی نییە .

وتم : لە کات دەترسی ؟

جگەرەکە لەسەر لێوی لابرد و وتی : ئایا کەسێک هەیە کە لە تێپەڕبوونی کات نەترسێت ؟

ئەوانە مەترسیدارن ، ئێمە بە دیواری ماڵەکەماندا هەڵیدەواسین ، لە دەستی دەکەین ، تەتانەت لە وێستگەی شەمەندەفەر دایدەنێین . بیستومە کە لە داهاتوودا روباتەکان هێندە بەهێز دەبن کە دەتوانن مرۆڤ لە ناو بەرن ، بەڵام ئەوەیان لە بیر کردووە کە مرۆڤ چەند سەد ساڵ پێش شتێکی داهێناوە کە هەر ساتەو گیانی مرۆڤەکان دەگرێت ، کاتژمێرەکان ، کاتژمێرە تاوانبارەکان ، کاتژمێرە کەلە رەقەکان ، میلەکانی بە بێ هیچ گوێدانێک دەسووڕینەوە ، بەو دەنگە هەمیشەییە ، تیک تاک ، بەنگ بەنگ ، کاتێ کە دەتەوێت کاتژمێرەکان خێرا بڕۆن ، گیانت لێ دەستێنن و لە سەر خۆ دەڕۆن ، بەڵام کاتێ کە دەتەوێت لە سەر خۆ بڕۆن ، بە خێرایی دەرۆن . کاتژمێری من چیدی تیک تاک ناکات ، چون رۆژێک کاتژمیری حەوت چاوەڕوانی کەسێک بووم و درەنگ هات ، زۆر ترسام کە نەکا هەر نەیەت ، لەبەر ئەوە باتری کاتژمێرەکەم دەرهێنا . ئێستا ئیتر کاتژمێرەکەم هەمووکات کاتژمێری حەوت نیشان دەدات . ڕاستە کە ئیتر میلەکانی کاتژمێرەکەم ناسووڕێنەوە ، بەڵام دەنگێک لە نێو دەمارەکان و لێدانی دڵم دەبیستم کە دەڵێت تیک تاک ، بەنگ بەنگ ، تیک تاک ، بەنگ بەنگ .

لە سەر تەختەکە ڕاکشام و وتم : لەبەر ئەوەیە کە هیچکات کاتژمێر لە دەست ناکەی ؟

وتی : ڕێک وایە ، پیاوی بێ کاتژمێر ، یا کاتژمێرەکان ناوەستن ! ، بە ڕای تۆ ناوێکی گونجاو نییە بۆ چیرۆکێک ؟ چیرۆکێک سەبارەت بە کات ، تاکەی دەتەوێت هەر سەبارەت بە عەشق و عاشقی بنووسیت ؟

وتم : ئەوەت لە بیر بێت کە عەشق بەشێکی گرینگی هەموو مرۆڤەکانە و مرۆڤەکان خۆیان بە گرێدراوی عەشق دەبینن .

وتی : ئایا ئەمە بەکارهێنانی عەشق وەکوو ئامرازێک نییە بۆ مەبەستی خۆت ؟

**وتم : نه ، عەشق وەكوو تامی خواردنە .**

**وتی : تام پێدانی لە ڕادەبەدەر ، خواردن ناخۆش دەكات ، دەبێ لە فكری چیرۆكێكی نوێ بیت ، وەكوو چیرۆكی كەسانێک كە لە دونیایەكی دیكەدا دەژین ، باشە ؟**

**وتم : تۆ پێت وایە ئەمە بیرۆكەیەكی نوێیە ؟ چیرۆكی زۆریان سەبارەت بە مرۆڤی دونیایەكی دیكە نووسیوە .**

**وتی : دەتوانین بڵێین كە هیچ بیرۆكەیەكی نوێ لە دونیای چیرۆک نووسیدا بوونی نییە ، بەڵام دەتوانی بە ڕوانگەیەكی نوێ چیرۆكەكەت بنووسیت ، بە پێكهاتە و نووسینێكی جیاواز .**

**وتم : دەترسم ، دەترسم دیسان وەكوو كتێبی پێشووم ، واتە كتێبی دەستە و تاقمی خەواڵووەكانی بە سەردا بێت ، دەترسم دیسان كەسانێكی دیكە وەرن و بڵێن كە تۆ كۆپیت كردووە .**

**وتی : گوێ مەدە بە قسەكانیان ، من پاش چەندین ساڵ ژیان لەگەڵ ئەم خەڵكە بەو ئەنجامە گەشتووم كە مەترسیدارتر لەو كەسانەی كە هیچ كتێبێكیان نەخوێندووە ، ئەو كەسانەن كە تەنیا چەند كتێبێكیان خوێندۆتەوە . ئەوان خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن و دەیانەوێت سەبارەت بە هەموو شتێک بۆچوونیان هەبێت ، هەر ڕووداو و چیرۆكێک بۆ ئەو كتێبانە دەگەڕێننەوە و باسی دێر بە دێری ئەو كتێبانە دەكەن ، دڵنیا بە ئەگەر ئەوان ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەبوون سەبارەت بەو شتانەی كە پیشەی ئەوان نییە بۆچوونیان نەدەبوو ، هەورەها تەنیا بە خوێندنەوەی چەند كتێبێک ڕازی نەدەبوون . كەوایە بە هەموو تواناوە بەردەوام بە . بەڵام ئەم جارە پێشنیارت پێدەكەم كە چیرۆكەكەت تەواو بكەیت .**

**وتم : من هەموو كات چیرۆكەكانم تەواو دەكەم .**

**وتی: تەنیا لاپەڕەكانی كتێب تەواو دەكەیت ، بەڵام ئەو چیرۆكەی ئاڵۆزانەی كە دایدەڕێژیت ، هیچكات بە كۆتایی ناگەن .**

**بەرەو لای دەلاقەكە ڕۆشتم و وتم : ئەوە شێوازی منە ، چاو لە خەڵک بكە ، دەڕۆن بۆ شاری یاری و پارەیەكی زۆر خەرج دەكەن تاكوو بە چنگاڵێک بووكەڵەیەكی گەورەی قیزەون لە باكسێكی شیشەیی دەربێنن ، لە كاتێكدا ئەو چنگاڵە جۆرێک درووست كراوە كە نەتوانێت بووكەڵە جوانەكە دەربێنێت . ئەمە یاسای زۆرینەی یارییەكانە ، مرۆڤەكان دەبێ تاكوو سنووری سەركەوتن بچنە پێش ، بەڵام هیچ كەس بۆی نییە بیێتە براوەی كۆتایی . نابێ هەستی سەركەشی مرۆڤەكان بكوژیت ، مرۆڤەكان هەمووكات حەزیان لە یاری كردنە . هەر لەبەر ئەوەیە كە بەشێک لە نووسەران كۆتایی بە چیرۆک ناهێنن ، ساحیرەكان نهێنی سحرەكانیان بە كەس ناڵێن و زۆربەی مرۆڤەكان هەستی خۆیان بە یەكتر ناڵێن ، چون دەترسن كە یاری بە كۆتایی بگات .**

**گویّ گره میهران ، کاتیّ که مرۆڤەکان بزانن که چی له مێشک و دڵتدایه ، چیدی هۆکارێک نابینن بۆ یاری کردن و مانەوه . تەنیا کەسانی به وەفا دەمێننەوه .**

**وتی : واته بۆ پابەندەکان بنووسه ! .**

**بزەیەک گرتمی و وتم : به وەفاکان ! جاروبار له خۆم دەپرسم که ئایا هێشتاکوو کەسێک هەیه که منی لەبیر بێت ؟**

**وتی : بیر له نەمری بکەوه ، تۆ هەر دەمریت ، بەڵام ئەوەی که دەینووسیت ، نەمره .**

**وتم : مێشکم له چیرۆکی نویّ و نەخشەی ئاڵۆز تەنراوه ، بەڵام دەترسم میهران ، ئەو نووسراوانەی که نەخوێندرێتەوه چ گرینگییەکی هەیه ؟**

**وتی : نیگەران مەبه ، هەر رۆژێک دەبێت که بخوێندرێتەوه ، تەنیا ئەوه له بیر مەکه که دەبیّ له کاتی نووسینی چیرۆکەکاندا داهێنان بکەیت و بۆ به کرداری کردنی نەخشەکانت بوێریت هەبێت .**